ژمارەیەک کەس لە وڵاتی دانیمارک کەپیەکی قورئان و ئاڵای عێراقیان سووتاند

ژمارەیەک کەس لە بەردەم باڵوێزخانەی عێراق لە وڵاتی دانیمارک کەپیەکی قورئان و ئاڵای عێراقیان سووتاند.

کەناڵی سکای نیوز ڕایگەیاند، ئەمە دووشەممە هەندێ کەس کەپییەکی قورئانیان لەبەردەم باڵیەزخانەی عێراق لە دانیمارک سووتاند.

بەگوێرەی شایەتحاڵەکان، گروپێکی توندڕەوی دانیمارکی کەپییەکی قورئان و ئاڵای عێراقیان سووتاندووە لەنێو پاراستنی حکومەت و پۆلیسی ئەو وڵاتە.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، پیاوێک ئاگری لە کتێبێک بەردا کە وتی کەپییەکی قورئانە لە گەڕەپانێک بەرامبەر باڵیەزخانەی عێراق لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک، ئەمەش ڕۆژێک دوای ئەوە هات کە سەدان خۆپیشاندەر هەڕشیان کردە سەر باڵیەزخانەی سوید لە بەغدا بە ناڕازایەتی دەربڕین دژ بە سوتاندنی کەپیەکی قورئان لە ستۆکهۆڵم و مەڕەتی حکومەتی سوید بە ئەو جۆرە کردەوانە.